# لە ڕێگای فڕۆکەخانەوە پۆستەی کوردستان دەگاتە هەموو شوێنێک

ئامادەکردنی: باوکی تەمەن

**سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە کە لە مانگی(٨ ی٢٠٠٧)ەوە دامەزراوە لە لایەن یەکیەتی پۆستەی جیهانی دانی پیانراوە و لە٧(/١٠/٢٠٠٧)ەوە هێمای پۆستەی سەربەخۆی لە لایەن ئەم یەکیەتیەوە بۆ دانراوە و کاری پێدەکرێت، ئەم سەنتەرە ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکانی بەرەو پێشتر دەڕوات و فراوانتر دەبێت.**
**ئەم دیمانەیەدا هەوڵدەدەین ڕۆشنایی بخەینە سەر کارەکانی ئێستای ئەم سەنتەرە نێودەوڵەتیە و بەڕێز(ماجد محمد علی) بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێر باس لە هەنگاوە تازەکانی پۆستە دەکات لە چوارچێوەی سەنتەری نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستە.**



سەرەتا خۆشحاڵم بە سازکردنی ئەم دیمانەیە تا خوێنەرانی گۆڤاری گەیاندن زانیارییان هەبێت لە بارەی کارەکانی پۆستە لە کوردستان کە زۆر پێشکەوتنی باشی بە دەست هێناوە. بەڕێوەبەرایەتی پۆستەی هەولێر لە چەندین بەش پێکهاتووە و هەروەها(١٨)نووسینگەی پۆستەمان هەیە کە بەسەر قەزاو ناحیەکاندا دابەشکراون و نووسینگەیەکیشمان لەنێو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دایە. لە هەمانکاتدا پۆستەی پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان سەر بە بەڕێوەرایەتی پۆستەی هەولێرن و لە سنووری پارێزگای سلێمانی(٢٢)نووسینگەمان هەیە و لە پارێزگای دهۆکدا(١٥) نووسینگەمان هەیە و خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن و لە حاڵی حازردا کارەکانی پۆستە لە کوردستان وەرگرتن و ناردنی نامە و پێچراوە بۆ ناوەخۆ و دەرەوە، گواستنەوەی پۆستە لە ناوەخۆی کوردستان و عێراق بۆ هەموو شارەکان لە ڕێگای بەڵێندەرەوە بەڕێوە دەچێت و بۆ دەرەوەش ڕێککەوتنمان لەگەڵ هێڵی ئاسمانی عێراقی هەیە و پلانی ئیشکردنی ئێمە، خێرایی و بە سەلامەتی گەیاندنی پۆستە و پێچراوەکانە بۆ هەموو شوێنێک و بە خۆشیەوە ئیشەکان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچن و شێوازی کارکردنیشمان بە شێوەیەکی ستانداردی جیهانییە.

**کارەکانی نووسینگەی پۆستە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

نووسینگەی پۆستە لە فڕۆکەخانە ئەرکێکی زۆری لەسەرە کە ناردن و وەرگرتنی پۆستە و پێچراوەکانە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان، وەکو باسم کرد وەرگرتن و ناردنی پۆستە لە ڕێگای هێڵی ئاسمانی عێراقییەوەیە لە هەفتەیەکدا(٣-٤)جار ئاڵوگۆڕی پۆستە دەکرێت لەگەڵ دەرەوەدا. دیارە ئێمە پێشووتر لەگەڵ هێڵی ئاسمانی عێراق واڕێککەتبووین ڕۆژانە(٢٥٠)کیلۆگرام پۆستەی ئێمە بگوازنەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی هەموو ڕۆژ گەشتەکان لە نێوان(هەولێر – عەمان) ڕێکناخرێن لە هەفتەیەکدا(٣-٤)جار پۆستەی ئێمە دەگوازنەوە و بە هۆی ژمارەی زۆری سەرنیشینەکان لەهەر گەشتێکدا تەنها(١٥٠)کیلۆگرام پۆستەی ئێمە دەگوازنەوە، ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی تری فڕۆکەوانی ڕێک بکەوین بەڵام دیارە ئەوان داوای نرخێکی زیاتر لە ئێمە دەکەن کە زۆر لە کرێی هێڵی ئاسمانی عێراقدا گرانترە چونکە ئەم هێڵە حکومیە و سەر بە وەزارەتی گواستنەوەی عێراقە و بە نرخی پشتیوانی لێکراو(مدعوم)کار دەکەن، بۆیە تا ئێستا تەنها لەگەڵ ئەم هێڵە کاردەکەین.

**ئەو کێشانەی دێنە بەردەم کارەکانتان لە نووسینگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر؟**

بە هەوڵی هەموو لایەنە بەرپرسەکانی وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان قۆناغ بە

قۆناغ کێشەکان چارەسەر کراون بەڵام هێشتا گرفت ماوە لە بواری کارکردنمان لەم نووسینگەیەدا، گرفتەکانمان بریتین لە کەمی ژمارەی کادیر و نەبوونی شوێنێکی تەواو شیاو و گونجاو بۆ کارکردن چونکە رووبەری نووسینگەکەمان زۆر بچووکە، هەروەها دووری شوێنی نووسینگە لە تەرمینالی فرۆکەخانەوە کە ئەمە گرفتێکە بۆ ئێمە. گرفتێکی تر بوونی (٤-٦) وێستگەی پشکنینە لە فرۆکەخانە و تێپەڕبوونی پۆستەو پێچراوەکانمانە بە نێو ئامێرەکانی پشکنین، ئاشکرایە ئێمە پۆستمان دەخەینە نێو کارتۆن و رەوانەی دەرەوەی دەکەین، هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە سەلامەتی باری ئاسایشەوە هەیە بەڵام بۆ ئێمە وەکو پۆستە گرفتێکە بۆخۆی. من پێشووتر کە سەرپەرشتی نووسینگەی پۆستەم دەکرد لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، نووسینگەی پۆستە و هێڵی ئاسمانی عێراق لەنێو هۆڵی فرۆکەخانە لەتەک یەکەوە بوون ماوەی نێوان نووسینگەی پۆستە و هۆڵی فرۆکەخانە چەندە لەیەکەوە نزیک بێت ئەوەندە کێشە و گرفت لە گواستنەوەی پۆستەدا کەمتر دروست دەبێت و داوا دەکەم چارەسەری ئەم گرفتە بکرێت و لەبەر چاو بگیرێت.

**لەگەڵ کام وڵاتی جیهان زیاتر ئاڵوگۆڕی پۆستە هەیە؟**

ئێمە لە کوردستانەوە پۆستەمان رەوانەی (عەممان) دەکەین و لەوێوە رەوانەی وڵاتانی دیکە دەکرێت بۆ هاتنی پۆستەش بەهەمان شێوەیە، ئاڵوگۆڕی پۆستە لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان دەکەین، بەڵام بەرزترین رێژەی ئاڵوگۆڕی پۆستە لەگەڵ هەردوو وڵاتی (ئەڵمانیا و سوید)ە تا ئێستا، ئەمەش بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کوردستان لەم دوو وڵاتەدا. ئێمە بەهۆی ئەوەی نرخەکانمان زۆر گونجاوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو کرێکارە بیانیانەی لە کوردستاندا کاردەکەن لە رێگای ئێمەوە نامە بۆ کەسوکاریان دەنێرن و نامەشیان لەلایەن کەسوکاریانەوە بۆ دێت،ئاڵوگۆڕی پۆستەمان تەنانەت لەگەڵ (ئەسیوپیا و بەنگلادیش و فلیپین)هەیە.

**جیاوازی رێژەی ناردن و وەرگرتنی پۆستە لە رێگای ئاسمانیەوە لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر تا چ ئاستێکە؟**

بە خۆشیەوە رێژەی ئاڵوگۆڕی پۆستە بە بەردەوامی لە بەرزبوونەوەدایە، من خشتەیەکتان دەخەمە بەردەست بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێزیش ئاگاداربن، دەریدەخات کە لەم سەنتەرەدا کاری باش کراوە و دەکرێت.

زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو ئەرک و ماندووبوونەی لە بەڕێوەبردنی گۆڤاری گەیاندن دەیبینن و ئێمەشتان بەسەرکردەوە.

| مانگ | پۆستە و پێچراوی ناردراو | پۆستە و پێچراوی هاتوو |
|---|---|---|
| ٢٠٠٧/٩ | ١٥٠٤/٥- هەزار کیلۆ | ١٦١٤/٤ هەزار کیلۆ |
| ٢٠٠٧/١٠ | ١٧٥٣/٢ هەزار کیلۆ | ١٥٦٠/٥ هەزار کیلۆ |
| ٢٠٠٧/١١ | ١٨٠٠/- هەزار کیلۆ | ١٧٠٢/٢ هەزار کیلۆ |
| ٢٠٠٧/١٢ | ١٨٥٠/٥ هەزار کیلۆ | ١٧٧٤/٥ هەزار کیلۆ |
| ٢٠٠٨/١ | ٢٦٧٠/١ هەزار کیلۆ | ٢١٢١/٤ هەزار کیلۆ |



